# زۆڵەکانی مۆدێرنە
# هەڵاتنەکان لە ڕێی تۆڕەکانەوە



نەوزاد جەمال*

## سەرەتایەکی ڕێخۆشکەر

لێرەدا چیرۆکەکانی هەڵاتن لە مۆدێرنە بە بەسەرهاتی «زۆڵەکان» ناو دەبەم. زۆڵ هەر بە مانای ئەو منداڵەی «ناشەرعییە» نا کە باوکێکی نییە خاوەنداریی لێ بکات، بەڵکوو ئەو هەوڵانەیە کە وەهمی دەربازبوون لە مۆدێرنە دەکەنە چیرۆکی ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە خۆی. سەرەڕای ئەوەی ئەم هەوڵانە بناوانیان لە مۆدێرنە خۆیدایە، گێڕانەوەکانیان، جۆرێکی ترن لە نیهلیزم کە پاساوی ڕەتکردنەوە لە پوچاندن و بێهودەییدا دەدۆزێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی لە نووسین و باسوخواسی کوردیدا، مۆدێرنە و مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزاسیۆن تێکەڵوپێکەڵ کراون و بە سەریەکدا شوێنراون، لێدان و ڕەتکردنەوەی بێبنەما و مۆدەباوی پۆستمۆدێرنانە، بوەتە باسێکی سواو و قەوانێکی دووبارە. لەگەڵ ئەوەیشدا، پەرچەکرداری سروشتی و نائاسایی دژ بە مۆێرنە لە کۆمەڵێک دەرکەوت و دیاردەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئێمەدا بەر چاو دەکەوێت. بەشێکیان ڕەنگدانەوە یا ڕاستتر بگوترێت پەرچەکردارێکی خۆڕسکانەی نێوخۆییە، بەرانبەر کارتێکەرە دەرەکی و جیهانییەکان. بەشێکیشی بەرهەمی مۆدەباوی، شوێنکەوتن و سایکۆلۆجیای کۆڕەفتارییە کە میدیای نوێ و تۆڕەکان برەویان پێ داوە. هاوکات، بە دیوێکدا دووبارەکردنەوە و نمایشکردنی هەندێک ڕۆڵ و مۆدەی هاوشێوەی نەتەوەکانی هاوسێمان و ئەزموونی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشە.

بۆیە لێرەدا، هەندێک دیاردەی بینراو تاووتوێ دەکەم و ئینجا خوێندنەوەیەکی شرۆڤەییان بۆ دەکەم.

## 1-پەرچەکرداره دژەئاراستەکان

بەرکەوت و لێکەوتەکانی مۆدێرنە لەگەڵ خۆرهەڵاتدا، هەر وا بەئاسانی و سروشتی نەبوون. لە جیهانی ئیسلامیدا، پەرچەکردارەکان لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، هونەری و کەلتووری دەرچوون، ڕەنگوبۆیەکی ئایینی و مەزهەبییان وەرگرت. بە ناوی «پرۆژەی گەڕانەوە بۆ ڕەسەن»، ڕابردوو کە خۆی لە شۆڕشی ئیسلامی-ئێران و بانگەوازی حکوومەتی ئیسلامی و تەنانەت لە خۆپیشاندان و ڕژانە سەر شەقامەکان، ئیسلام وەک پرۆژەی ئەڵتەرناتیڤ پێش خرا. گرفتەکە لەوەدایە ئەو دەرکەوتە، نەک هەر گوتارێکی دژەخۆرئاواییی هەڵگرتوە، بەڵکوو لە سەرەتاوە خوازیار بوو ببێتە پارادێمکی دینامیکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جێگرەوەی مۆدێلی مۆدێرنە لە هەموو کایەکانی ژیاندا. لە بەرانبەر هەژموونی مۆدێرندا، دەسەڵاتخوازییەکی کۆنەوار زەق کرایەوە وەک ئەوەی دەرمانی هەموو دەردوونەخۆشییەکانی لە هەگبەدا بێت و مۆدێرنەیش سەرچاوەی هەموو کێشەکان جیهان بێت!

ئەم پەرچەکرداره چیرۆکی ڕابردووی کردوەتە شانازیی کەلتووری و چەکی بەرهەڵستکاریی خۆرئاوا، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم کاردانەوەیە جۆرێک لە وەهمی پووچگەرایی-نیهیلیزم-ی تێدا مەڵاس داوە. هەڵبەت، ئەم دەستنیشانکردنە تازە نییە، بەڵکوو یەکێک لەو نووسەرە ئێرانییانەی لە مێژەوە درکی بەو پەرچەکرداره کردوە ‹داریوش شایگان›ە. ڕەنگە، پێش ئەویش کەسانی تر هەبن، بەڵام گرینگی ئەم نووسەرە لەوەدایە، شارەزایی و پاشخانێکی وردی لە ڕەگوڕیشەی کەلتوور و شارستانیەتی خۆرهەڵات، بەتایبەت هیند و ئێرانییەکان و دەوروپشتیدا هەیە. جگە لەوەی پشتئەستوور و هەگبەپڕە لە تێزە ڕەخنەیی و شرۆڤەییەکانی بیرمەند و فەیلەسووفانی خۆرئاوا خۆی.

شایگان چەمکی ‹شۆڕشی ئیسلامی› لە خۆیدا وەک پارادۆکسێک دەبینێت، چونکە، ڕەهەندێکی خۆرئاوایی لە وشەی ‹شۆڕش›دا زەق دیارە و لە پاشگری «ئیسلامی»دا گەڕانەوەیەکی شێلگیرانە بۆ خۆرهەڵات جەختی لێ کراوەتەوە. وەهمی گەڕانەوە بۆ «ڕەسەن»، دوا جار گوتارێکی دەمارگیر و تووڕەی بەرانبەر مەیلێکی کوێرانەی غەربزەدەیی بەرهەم هێنا. تا ئەمڕۆیش بەرهەڵستی هەژموونی




مۆدێرنە و هەمەگیریی ئابووریی خۆرئاوایی بە گوتارێکی نەرێنیی پەرگیر وەڵام دەدرێتەوە. ئەمە ئاکاری جیهانێکە کە هەر خەریکی هەناردەکردنی کێشەکانیەتی بۆ دەرەوەی خۆی و سپاردنی چارەسەریشە بە ئەوی تر.

## 2-هێزە دژەباوەکان

لە پاڵ ئەوەی لەو کۆمەڵگەیانەی کە بیری مۆدێرن و ڕۆشنگەری هاوردە و نامۆ بوون، لە زێد و نیشتمانی خۆیشیدا، مۆدێرنە پەرچەکرداری لێ کەوتەوە. هەر لە دیدی سروشتگەری و بزاڤی ڕۆمانسیزمەوە تا پۆستمۆدێرنەکان و ڕەخنەگرانی گوتاری مۆدێرن و زانستی تەکنۆلۆجیی پەرچەکردار درێژ دەبێتەوە. هەندێکیان لە ڕەتکردنەوەوە بەرەو بازدان و تێپەڕاندنی هەژموونی مۆدێرنە، هاتوەتە ئاراوە. دیارە، خوێندنەوەی کەلتووری خۆرئاوایی وەک دژێک بە خۆی، بابەتێکی نوێ نییە. لەو سۆنگەیشەوە، ‹شایگان› پشت بە هەندێک تێزی سۆسیۆلۆجیی فەرەنسی ‹ژۆن براون (Jean Brun) سەبارەت بە ئینکاری و نکولییە گەورەکان (دژوەستانەوە و پێچەوانەکردنەوە) لە شیعر، شانۆ، هونەری ڕۆمان و گێرانەوە هتد... دەبەستێت.

بەو پێیەی لە ئەنجامی نکۆڵیکردن و «کەلتووری دژوەستانەوە»دا، پارادۆکسێک لە ناو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا سەر هەڵدەدات و دوا جار دەبنە بزوتنەوەی هەڵاتن و خۆیان لەمانەدا دەردەخەن:

1-سیاسەت و سێکس: واتە ڕزگاریی سێکسی و شۆڕش دەبنەوە دوو ڕووی دیاردەیەک/دراوێک. کەسانێک پەنا دەبەنە بەر ئەم دوانە وەک دەروویەکی تری قوتاربوون لە هەژموونی مۆدێرنە. دیارە، ئەم ئاراستەیە، خەمێکی گشتی دەکاتە پرۆژەیەکی سیاسی یا سێکسی.

2-تریاک و بەنگکێشان: ئەم ئاراستەیەیان ناکارایە، چونکە خۆی لە ئەفیوون یا تریاککێشان و گەشتکردن بە ناو جیهانی دەروون و وەهمەکان دەکاتە ڕێگەی دەربازبوون، بۆیە گروپە مۆزیکییەکانی وەک ‹تیمۆتی لیری› و ‹نەوەی بیتڵز› ڕووخسارێکی دیاری ئەم ئاراستەیەن.

3-ئایینە ئاسیاییەکان وەک بودیزم و یۆگاییەکان: ئەوەی بە نەوەی نوێ(new generation) دادەنرێت. سەرکردنە سەر بڕوای ڕۆحیگەری وەک ‹زێن› و ئەوانی تر، لای هەندێک نووسەری وەک ‹واتس› و هاوکات چالاکانی کەلتووری پێچەوانە یا دژەئاراستە دەناسرێتەوە.

4-جۆرەجیاکانی مارکسیزم: ئەمڕۆ بە مارکسیزمی نوێ و ڕادیکاڵ و هتد... دەناسرێت ئاراستەیەکی کارای بەرپەرچدانەوەیە.

هەڵبەت، ئەو دەرکەوتانە دەگەڕێنەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و پڕ بە پێستی گۆڕانکاری و ژێرخانی ئابووری و کەلتووری ئەو سەردەمە بوون، بەڵام دەکرێت ئەوەیشی بخرێتە سەر کە

زەقبوونەوەی گوتاری پۆپۆلیزمی سیاسی و کەلتووری و هێزە ڕەگەزپەرست و ڕاستڕەوەکان لەو دە ساڵەی دواییدا، پشت بە چیرۆکی ڕەتکردنەوە و پوچەڵکردنی بنەماکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە دەبەستن، ڕەوایەتی خۆیان لە پوچاندن و بە ئەهریمەنکردنی وێنەی ئەوی تر (پەنابەر، خۆرهەڵاتی و ئیسلام) پاساو دەدەنەوە.

### 3-کورد و وەستانەوە بە ڕووی مۆدێرنەدا

بەرکەوتنی ئێمە لەگەڵ مۆدێرنەدا، هەم لە ئامێر و داهێنانە نوێکان (مۆدێرنیزاسیۆن) و هەم لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجیا سیاسی و دەوڵەتە سەردەستەکانەوە، بە تایبەت پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ‹نوێی نەتەوەیی› و ڕووخانی دەوڵەتی دینی ‹خەلافەی عوسمانی›دا دەردەکەون، بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو، چارەنووسی کورد و ڕوناکبیران بەتایبەت لە نێو تەڵەزگەی پێشکەوتنخوازی و نەریتخوازییدا گیری خواردبوو، بەڵام لە پاش کرانەوەی سنوورەکان بە ڕووی دەرەوەدا و هاتنی تەکنەلۆجیای نوێی پێوەندی، بزوتنەوەکانی هەڵاتن لە جیهانی ئێمەدا، ئاشکراتر و زەقتر بوونەتەوە. ئەمەیش خۆی لە بزواندنی سێکسی بەتایبەت لە ئاستی تۆڕەکاندا دەردەخات. هاوکات، پەرەسەندنی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لەگەڵ دەنگی ڕادیکاڵی مارکسیزم و یۆگایی و سۆفیگەرییەکاندا تەریبە.

بێ زیادەڕەوی لە پەراوێزی تەنگەژە سیاسی و ئابوورییەکاندا گەنج و لاوی ئێمە، گەشتگەلێکیان بە هۆی باسوخواسەکانی سێکس، مادەهۆشبەر و عیرفان و ئەنگیزەی شۆڕشەوە لە ناو تۆڕەکاندا ساز کردوە! بێگومان، ‹تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامێرە تەکنۆلۆجییە نوێکان›، بەرکەوتێکی زۆر خێرا و کتوپڕ و کاریگەریان لە دونیای ئێمەدا دروست کرد تا ئەو ڕادەی بازێکی گەورەی بەمرۆڤی ئێمەدا، بێ ئەوەی توانای هزری و ئاگایی هاوتای لەگەڵ بێت. واتە، گروپەکانی ڕەتکردنەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەو جۆرە نین کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا سەری هەڵداوە، بەڵکوو لە ئەنجامی تەکنۆلۆجیای پێوەندییەوە، ئەو گروپانە کارا بوون و خۆیان مانفێست کرد. ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا «فەیسبووک» (تۆڕەکانی تریش کەم تا زۆر) ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی هەڵاتن و خۆقوتارکردن لە جیهانی زیندوو و ڕاستەوخۆ. لەوێدا هەم مەیلوحەزی سێکس لە پاڵ مەیلی شۆڕشگەریی و خۆخاڵیکردنەوە بە هەر دوو باردا کار دەکات. پاشان، بیری عیرفانیی «ڕۆمی» بوەتە مۆدەیەک و جۆرێک لە دڵدانەوەی نائومێدیی تاکی گەنج، هاوکاتە لەگەڵ بیرکردنەوە پەرگیرەکانی وەک مارکسیزم ڕادیکاڵ.



**وەهمی گەڕانەوە بۆ «ڕەسەن»، دوا جار گوتارێکی دەمارگیر و تووڕەی بەرانبەر مەیلێکی کوێرانەی غەربزەدەیی بەرهەم هێنا. تا ئەمڕۆیش بەرهەڵستی هەژموونی مۆدێرنە و هەمەگیریی ئابووریی خۆرئاوایی بە گوتارێکی نەریتیی پەرگیر وەڵام دەدرێتەوە**



**بەرکەوتی ئێمە لەگەڵ مۆدێرندا، هەم لە ئامێر و داهێنانە نوێکان (مۆدێرنیزاسیۆن) و هەم لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجیا سیاسی و دەوڵەتە سەردەستەکانەوە، بە تایبەت پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ‹نوێی نەتەوەیی› و ڕووخانی دەوڵەتی دینی ‹خەلافەی عوسمانی›دا دەردەکەون**

## 4-ئیتر کە خودا مرد

کاتێک منداڵەکانی خودا، هەواڵی مەرگی خودای باوکیان پێ گەیشت، دوو بژاردەیان لە بەردەمدا بوو: چاونوقان لەو ڕاستییە تاڵە و کەوتنە نێو فەزای بێ مانا و خاڵی ژین و درێژەدان بە خەونی مانەوەی خودا، یا ئیتر خۆیان دەبنە جێگرەوەی ئەو بوونەوەرە بانمرۆیی و سەرووسروشتییە. دیارە، شایگان لە سەر نیهیلزمی ‹نیتشە› وەک قۆناخێکی تر لە بەرپەرچدانەوە و ڕەتدانەوەی مۆدیرنە دەوەستێت، چونکە ئەو جارەی ‹نیتشە›دای، مرۆڤی گەیاندە سەر زەوییە خاڵی و سارد و ڕەقوتەقەکەی «بوون». بەڵام، لە زمانی ‹هایدەگەر›ەوە شایگان شرۆڤە وتەکەی نیتشە «ئیتر خودا مرد» بەو مانایە لێکدەداتەوە کە بەهای خودا مرد، نەک خودا خۆی .

هەڵبەت، مردنی خودا وەک کۆتایی چیرۆکەکان و دەستپێکی وردەچیرۆک لە سەر ئاستی تاکەکەسی باشتر جێی خۆی کردەوە لە نێو جیهانی گریمانەیی-تۆڕ-دا. دەیشکرێت ئەوە بڵێین؛ سەرهەڵدانی بزوتنەوە چەکدارە توندوتیژەکانی وەک داعش، پەرچەکردایکی نیهیلستیانەیە بە دەمامکی ئایینیەوە بۆ گێڕانەوەی خودا بۆ سەر شانۆکەی ژیان، بەڵام بە ڕای من ئەمەیش هەر بە جۆرێک کوشتنەوەی خودایە، چونکە هەوڵێکی ترە لە خۆخستنەوە پێستی بوونێکی باڵا لە ژێر دروشمی پیرۆزی خودا .

## 5-منە ساختەکانی سەردەم

بە مردنی خودا، شانۆی «منە درۆینە»و ساختەکان کە تاک وەک جەستە، وەک ئازار و وەک خەون، جوانی و پاڵەوان بۆ هەموو واڵا بوو، یەکێک لە پارادۆکسە سەمەرەکانی سەردەمی مۆدێرن، مۆدێلی تاکێکی وەهمییە. مرۆڤی وەهمی، هەم بە مانای مرۆڤێکی دیجیتالی لە دونیای بینراو (virtual) هەم بە مانای ئەوەی کەسێک بە کەرەستە و ئامرازە تازەکانەوە پێناس و ناسنامەیەک بۆ خۆی دەپچڕێت کە تەواو لە خۆیدا پێچەوانەیە بە دەستکەوت و بنەماکانی مۆدێرن.

مرۆڤێک تا ئەوپەڕ ئەدای مۆدیرنانەیە، بەڵام بە عەقڵیەتی کۆنەوار دەژی و خەونەکانی دەپەرستێت. ئەم منە درۆینەیە، منێکی وەهمیی مۆدێرنە کە لە خۆرهەڵات و بەتایبەت کۆمەڵگەی ئێمەدا، پێداگیری لە داهێنانە نوێ و ئامراز و کەرەستە تازەکان دەکرێت. لە مۆدێلی جلوبەرگ و ئامێرەکانی پەیوەندییەوە تا دامەزراوەیەکی وەک زانکۆ، پڕن لەو وەهمانە. تۆڕەکان لێوانلێون لە نمایشی سەردەمی و تازە لە جلوبەرگ، ئارایشت، شوێنی گەشتیاری، تەلاری مۆدێرن، شێوازی ڕۆمانسیئاسای دەربڕینی خۆشەویستی، قسەکردن لە سیاسەت و مرۆڤ و ئایین و زانست و هتد... بەڵام ئەوەی

لە پشت ئەو پەیام و سەکۆ و ماڵپەڕ و پەیجانەوە ئیش دەکات عەقڵیەتێکی نامۆدێرن، نازانستی و نارۆشنگەر و ناسەردەمیانەیە.

ئیتر منی درۆینە، ئەو منەیە کە ئاگاییەکی ڕاستینەی سەبارەت بە خودی خۆی نییە. واتە، منێکی ڕەسەن خۆبەخۆ و خۆدۆزەرەوە نیین بە ئەندازەیی نمایشیین، ئیتر کە خاوەنی ئاگایی و پێناسەی خۆیی نەبوون، ئامادەیشن ببنە هەر جۆرە مۆدەیەک بە پێی هەڵوێست و ڕووداو و پرسەکان، تازە دەبنەوە و لە ناو دەچن. ئەگەر چی ئەوەیش بۆ خۆی پرسیارێکی فەلسەفییە؛ ئاخۆ منێکی ڕەسەن کە تەنها دارشتەیەکی (کۆنسترەکشن) خۆییە یا ئەنجامی دروستکردن و داهێنانی منە گەورەکە-کۆمەڵگەیە؟ بە دەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، چیرۆکی هەڵاتن لە هەژموونی منەکان: منی خێزان و بنەماڵە، منی زێد و وڵات، منی کەلتوور و نەتەوە و نیشتمان و منی ئایینی بەرەو منی خۆم، نەک هەر ڕزگاربوونە، بەڵکوو جارێکی تر کەوتنە نێو بۆکس (سندوق)ـە ڕەشەکەوە بە دەستی خۆ. لە کاتێکدا خۆڕزگاردن لەو ‹منانە›، واتە هاتنەدەرەوە لەوەی کە بۆت سازکراوە و ئینجا دروستکردنەوەی خۆت، دوای بەجێهێشتنی بۆکسەکە و منەکانی تر.

## 6-سێکۆچکەی قەدەخەکراوەکان

تێپەڕاندنی سێکوچکەی حەرام، یا قەدەغەکراوەکان لە سۆشیال میدیادا گەییشتە ئاستی تێپەڕاندنی ئازادی وەک بەهایەک لە خۆیدا. واتە، لە مافی دەربڕین و گوزارشت لە خۆکردنەوە، بوە هێرش و پەلاماری ئەوی تر و خۆتەوەری و هتد... ئاشکرایە، سێکوچکەی قەدەغەکراوەکان، سیاسەت و ئایین و سێکسە-سۆزدارییە. سیاسەت بە ئەزموونیی لە ناو ژیانی ئێمە، بەتایبەت دوای ڕاپەرین شکستەکانی گەییشتە ئەوپەڕی لە گەندەڵی، بازرگانیکردن بە بەها و پێوەرە سیاسییەکان. ئەوەندە سیاسەت زەق بوە، تا ڕادەی بێزلێکردنەوە، تەنانەت منداڵەکانیش بوێریی قسە و گوتنیان بە سیاسی و بەرپرسەکانیان هەیە. خەڵکی و بەرپرسەکان گەییشتنە ڕادەی سیوابوونەوە لە یەکتری. پەردەی قەداسەت و بەرزیی سیاسەت دڕاو و بوەتە باسی توانج و پلاری گشتی.

دوو تابوەکەی تر، کەمتر و لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا کە ئینتەرنێتە دەگەنە ترۆپکی دەربڕین و بایەخپێدان. تۆڕەکان ئاستێکی زۆر نزم لە زەقکردنەوەی هەندێک ئەندامی جەستە و برەودان بە حەزی نارسیستی و دروستکردنی وەهمی ناوبانگ و جەماوەر زیادکردن دەردەخەن. ئەو سانسۆرە کۆمەڵایەتییەی لە سەر ژیانی سێکسی هەیە، وای کردوە تۆڕەکان شەوانە ببنە مەیدانی سێکسی دیجیتاڵی. لای نەوەی ئەمڕۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ سناپ و فەیس و ئینستگرام و ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی تر کورت بوەتەوە. گەنجێکی زانکۆیی هێشتا درکی بەوە نەکردوە کە ئینتەرنێت جیهانێکی بەرفراوانە و لە ڕووی زانستی و ڕووناکبیرییەوە، ڕێگەی سەرچاوەیە و پڕە لە ملیۆنەها کتێب و سایت، بەڵام ئەو دامێنێت لەوە. چونکە، نازانێت چۆن لە سایتەکاندا بە دوای زانیارییەکی سادەدا بگەڕێت. سەبارەت بە ئایین، دەیەها پەیجی دژئایینی هەیە بە ناوی سێکۆلار و ئەتایست و هتد... کەوتوەتە شەڕێکی توندەوە بەرانبەر هەزارەها پەیج کە پرۆپاگەندەی ئایین دەکەن.

***مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی سەلاحەدین**